# هەڕەتی زەردەخەنە و وەرزی لە خەو هەستانە

**هەرمان عەینەڵی**

”

نووسەری ئەم دەقە، جیا لەوەی کە بۆخۆی لە بەشێکی کۆڕەکاندا بەشدار بووە و بەپێی میتۆدی دینی بەشدارانە (participant observation) چاوی لە کۆڕ و کردەکان کردووە؛ زۆربەی هەرە زۆری نووسراوە، وێنە و فیلمەکانی تایبەت بەو بۆنانەشی بینیوە و بە هزری پڕ لە پرسیارەوە چووەتە نێو باسەکەوە؛ لەبەر ئەوەی ویستوویەتی بە دەرەنجامێکی نزیک لە ڕاستی بگات. هەوڵم داوە بگێڕەوە (narrator)ی دروستی واقیعەکان و قسەی دڵی خەڵک بم؛ هیچی پێ کەم و زیاد نەکەم و هەست و هزری خۆمی تێکەڵ نەکەم. جا ئەو واقیعانە هەرچییەک بێت: چ هەستیارانە بن چ ئەقڵانی، چ سیاسی بن چ کولتووری، چ ئاسایی بن چ زانستی، چ سەردەمییانە بن چ کۆن و مێژوویی.

“

خوێنەری هێژا، ئەوەی لەم نووسراوەدا دەیخوێنیتەوە، وەسف و خوێندنەوەیەک لە بۆنەکانی «نەورۆزی ٢٧٢٤»ی کوردییە؛ کە لە رۆژهەڵاتی کوردستان بە رێژەیەکی بەرچاو هاتنە گۆڕەپانی دەرکەوتنەوە. ئەم بابەتە هەڵگراوەی: وێنا و ویستی بەشێکی زۆر لە خەڵکی نێو بۆنەکان و جەماوەری سەر شەقام و حەشیمەتی نێو گەڕەک و کۆڵانەکانی نیشتمانە؛ کە ئاگری نەورۆزی ئەمساڵی لەگەڵ خۆی هێنایە کایەوە.

نووسەری ئەم دەقە، جیا لەوەی کە بۆخۆی لە بەشێکی کۆڕەکاندا بەشدار بووە و بەپێی میتۆدی دینی بەشدارانە (participant observation) چاوی لە کۆڕ و کردەکان کردووە؛ زۆربەی هەرە زۆری نووسراوە، وێنە و فیلمەکانی تایبەت بەو بۆنانەشی بینیوە و بە هزری پڕ لە پرسیارەوە چووەتە نێو باسەکەوە؛ لەبەر ئەوەی ویستوویەتی بە دەرەنجامێکی نزیک لە راستی بگات. هەوڵم داوە بگێڕەوە (narrator)ی دروستی واقیعەکان و قسەی دڵی خەڵک بم؛ هیچی پێ کەم و زیاد نەکەم و هەست و هزری خۆمی تێکەڵ نەکەم. جا ئەو واقیعانە هەرچییەک بێت: چ هەستیارانە بن چ ئەقڵانی، چ سیاسی بن چ کولتووری، چ ئاسایی بن چ زانستی، چ سەردەمییانە بن چ کۆن و مێژوویی.

هەربۆیە لەجیاتی کەڵک وەرگرتن لە «نووسراوە و سەرچاوە جۆربەجۆرە زانستییەکان»، کەڵکم لە «کردە، وتە، شێعر، وتار، دروشم، وێنە، فیلم، جلوبەرگ و هەڵسوکەوت»ی خەڵکی نێو بۆنەکان و دەرەوەی بۆنەکان وەرگرتووە. من لێرەدا بەدوای ناوی تیۆری، میتۆد و کەسایەتیی رازاوە یا چەمک و دەستەواژەی ئاڵۆزی بیانییەوە نەبووم. بە لای منەوە هەموو ئەم رستە بەرواڵەت خەڵکی و ئاساییانە، بە ناوەرۆک مانای گرینگ و تایبەتیی خۆی هەیە. جا باسەکە لە سێ بەشدا کورت دەکەمەوە: وەسف و شرۆڤەی کورتی کۆبوونەوەکان، مەبەستی دەسەڵات لە بەرگری نەکردن و دەرەنجامی باسەکان و ئەرکی ئێمە بۆ داهاتوو.

## وەسف و شرۆڤەی کورتی کۆبوونەوەکان

هەروەک دەبینرا رێژەی حەشیمەتی بەشداربووان لە کۆڕەکانی نەورۆزی ئەمساڵدا بە سەدان قات زۆرتر لە شایی و بۆنەکانی رابردوو بوون؛ و شوێنی لەم چەشنە لەباری پۆلێنبەندییەوە دەچێتە نێو خانەی کۆڕوکۆمەڵ (community)ـەوە، کە تیایدا هەست بەسەر هزردا زاڵ دەبێت؛ بەپێچەوانەی کۆمەڵگا (society) کە هزر بەسەر هەستدا زاڵە. شوێنی خاوەن «جەماوەری زۆر و هەستی زۆر»، زۆرجار شەبەنگێک لە «عەشق و شەڕی» تێدا هەڵدەقوڵێت؛ هەربۆیە لە بۆنەکانی لەم چەشنەدا، وەک گۆڕەپانی تۆپێپێ یان گۆڕەپانی زەماوەند، هەندێ جار لەسەر شتێکی پچووکی وەک: هەڵەی داوەر، یا گرتنی سەرچۆپی، یا قسە و ئیشارە و کردەی کوڕ و کچێک، شەڕ و قڕەی ناحەزی تێدا پەیدا دەبێت؛ تەنانەت هەندێ جار کوژراو و برینداریشی لێ دەکەوێتەوە.

بەڵام لەم کۆبوونەوانەی نەورۆزی ئەمساڵدا، بەپێچەوانەی دۆخی چاوەڕوانکراو لە گشت کامیونیتییەکان(جڤاتەکان)، تەنانەت یەک شەڕ و ناکۆکی چکوولە، یەک قسەی تاڵ و ناشیرین، یەک بێحورمەتی و بێڕێزییەکی پچووک، یەک کارەساتی ناحەز، یەک توندوتیژی و تووڕەیی و پێکدادانی گچکەش لە بەینی ئەو هەمووە خەڵکە پڕ لە هەستەدا، نەهاتە ئاراوە. واتا هەستی ئەو حەشیمەتە هەرەزۆرە بەتەواوی بەلای جەمسەری عەشقدا شکا بۆوە: ئەشقی هەمووان: بە یەکتری، بە نەتەوە، بە نیشتمان، بە ئازادی. ئەم کۆبوونەوانە بەپێچەوانەی هەموو کۆڕەکانی تر بوون بە گۆڕەپانی تێکئالانی هەست و هزر، کامیونیتی و سۆسایەتی، ئەقڵ و عەشق.

لە روانگەیەکی ترەوە، لەم کۆبوونەوانەدا و لە نێوان ئەو هەمووە کوڕ و کچە جحێڵەدا، بەپێچەوانەی کۆڕەکانی تر هەستی ئێرۆتیک و سێکسوالیتە جێگەی خۆی دابوو بە هەستی نەتەوەدۆستی و نیشتماندۆستی. دیار بوو خەڵکەکە بۆ شتێکی تر هاتبوون، شتێکی گرینگی تریان لە زەیندا بوو: وەرزدانەوەی کولتووری

لەمێژینەی کوردی، بانگەواز بۆ یەکگرتوویی و بەکوردی‌کردنی کەشوهەواکە. خەڵکەکە لەجیاتی خۆنواندن و خۆشەیداییی تاکەکەسی لە فکری نواندنەوەی (representation) دابونەریت و کولتووری پڕ لە شانازیی نەتەوەییدا بوون.

لەم نەورۆزەدا، لور، لەک، کرمانج، هەورام و سۆران، بەبێ جیاوازی لە جلوبەرگی یەکتر و شێعر، سروودی و گۆرانیی یەکتر، کەڵکیان وەرگرت. بۆ نموونە پەسەک یا فەرەنجی کە زۆرتر وەک تایبەتمەندیی جلوبەرگی هەورامی دەناسرێت؛ یا لەچک و پشتوێن کە زیاتر وەک جلوبەرگی تایبەتیی سەقزی، موکریانی و سۆرانی ناوبانگی دەرکردووە؛ یا هەوری و سرکەیی کە زۆرتر وەک جلوبەرگی لوڕی، لەکی و کرماشانی پێناسە کراوە؛ یا کەوا و سەڵتە و تاس‌کڵاوی ژنان کە زۆرتر وەک تایبەتمەندیی جلوبەرگی ئەردەڵانی، گەڵواخی و گەڕووسی ناوی دەرکردووە، لە هەموو ناوچەکانی تری کوردستان کەڵکی لێ وەرگیرا.

لەم شایی‌یانەی نەورۆزدا، چریکەی دەنگخۆشانی گشت زاراوەکان لە زۆربەی ناوچەکانی نیشتمان دەبیسرا. لە هەموو لایەک گۆرانی بە زاراوەی جۆراوجۆرت دەبیست. جۆری هەڵپەڕکێی هەرناوچەیەک لە ناوچەکانی تر دەبینرا. ئەمە هەم فرەرەنگی، فرەدەنگیی کولتوور، دابونەریتی کوردی نیشان ئەدات و هەم هاودەنگی و هاوڕەنگیی خەڵکەکە. بەپێچەوانەی پیلان و فروفێڵی لەمێژینەی نەیاران کە بەردەوام خەریکی لێک دوورخستنەوە و بەگژیەکادان و گەورەکردنەوەی جیاوازییەکانن، هیچ ماکێکی ناوچەیی بەتەنیا گەورە نەکراوە. باسی جیاوازییەکان و تایبەتمەندییە تایبەتەکان نەکرا. کوردانی ڕۆژهەڵات بەتێکرای دەنگ هاتنە سەر هێڵ و پڕ بە ناخی مێژووی کپ‌کراویان، هاواریان کرد ئێمە یەک نەتەوە و یەک گەلین، وردە جیاوازییەکان ناتوانن دابەشمان بکەن و لێکمان دابڕن.

ئەم دەرکەوتانە پێمان دەڵێن کە خواستی خەڵک ئەوەیە کە ئەبێ وردە سنوورەکانی نێو ماڵی خۆمان کەم و کەمتر بکەینەوە. بۆ نموونە لە نووسینەکانماندا لە چەمک و دەستەواژەی یەکتر کەڵک وەرگرین... و ڕۆژانە بەکاریان بێنین و یەک جۆر نەتەوەخوازیی هەرڕۆژە (everyday nationalism) بۆ بەرەی داهاتوومان دروست بکەین. بەڵام سنووری گەورەمان لەگەڵ نەیاران و دوژمنان پڕڕەنگتر و گەورەتر بکەینەوە هەتا جیاوازیی ڕاستەقینەمان لەگەڵ ئەوانی تر دەرکەوێت و ئەوان نەتوانن ئێمە تێکەڵ بە خۆیان بکەن یا ماکە کولتوورییەکانمان لەوە زیاتر لێ زەوت بکەن، بیدزن و بیکەن بە هیی خۆیان.

لەم نەورۆزەدا کەسوکار و بنەماڵەی شەهیدانی شۆرشی ژینا کە تازە گیانی خۆشەویستانیان لە ڕێگای ڕزگاریدا بەخت کردبوو و زۆربەشیان گەنج و کەم‌تەمەن بوون، بە چڕی لە شایی‌یەکاندا بەشدارییان کرد. واتا خەڵکی خەمباری ئێمە بەپێچەوانەی جاری‌جارانی خۆیان و بەپێچەوانەی نەتەوەکانی دراوسێی خۆیان، هاتنە نێو شایی‌یەکان و هەڵپەڕین، تەنانەت خۆیان گەیاندە لووتکەی خۆشییەکە و سەرچۆپییان گرت. شتی وا لە کولتووری ئەم ناوەقە لە جیهاندا یا نەبووە یا زۆر کەم بووە. ئەمە نیشان لەوە ئەدات کە ئەم نەورۆزە و خۆشییەکانی، شتێکی مانادار و جیاواز بوو و تەواو پێکهاتەکانی جەژن و بۆنەکانی تری شکاند. یەک‌جۆر پێکهاتەشکێنی (deconstruction) و لادان و وەرچەرخانێک (rotation) بوو لە ڕەوتی ئاسایی ڕابردوو و لە جەژن و بۆنەکانی پێشوو.

دەسەڵاتە سەرەڕۆ و ملهوڕەکان بە قەولی فرۆید یەکێک لە پیلانە پیسەکانیان ئەوەیە کە تاکەکان بەرەو خەم و خەمۆکی هان بدەن؛ و لەم ڕێگاوە خەڵک لە بەرانبەر خۆیاندا بەرەو نسکۆ و شکان و هەڵدێری داڕووخان ببەن؛ جا لە ئاکامدا ئەسپی خۆیان بەپێی خواستی خراپی خۆیان تاو بدەن. خەڵکی کورد بەگشتی و بنەماڵەی شەهیدان بەتایبەتی بەم شایی‌یانە نیشانیان دا کە هەم پیلانی نەیاران دەخوێننەوە؛ هەم بەپێچەوانەی حەزی ئەوان دەجووڵێنەوە؛ و هەم چۆک بۆ خواستی ئاشکرا و نهێنیی دوژمنان

دادەن؛ و کورد و کۆڵنەدان، وەک هەمیشە، بوون بە دوانەی دانەبڕاو.

لە هیچ شـوێنێکی ئەو کۆڕانەدا کەس باسی ئەوەی نەدەکرد کە ئەو شـایییە هی ئاوایی فلان یا شـاری فلانە، پێوەندی بە منەوە نییە، با من بۆ ئەوێ نەچم و لە زێد و شـوێنی خۆم بەشـداری بکەم. واتـا ناوچەگەرایـی (regionalism) پێوە دیـار نەبوو. واتـا، ئەو هەمووە هـەوڵ و تەقالا و گشـتە خەرج و پیلانە وا نەیاران دەیان سـاڵ بۆ: ئەتۆمیزەکردن، باڵکانیزەکردن، تاکوتەراخستن و لێکدابڕانی خەڵکی کـورد بەکاریان هێنا، بوو بە تۆز و چوو بە ڕیش و پێچی پڕ لە نەفرەتیانا.

لەبەرکردنی جلوبەرگی پیاوان لەلایەن کچان و ژنانی کوردەوە، مانای تایبەت و گرینگی هەبوو. یەکێـک لە مانـا جیاوازەکانی «بەرگـی پیاوان» ئەوەیە کـە بەپێچەوانەی بەرگـی ژنان، جۆرێک لـە توندوتۆڵی و خۆتەیارکردنـی لەگەڵە. ئەویش بەو دەلیلەیـە کە بەدرێژایی مێـژوو و بەتایبەت لە سـەردەمی ڕاو و ڕاوکەری بـەملاوە، پیاوان بۆ کاری سەختی دەر و دەشت لەلایەک و بۆ وەختی شـەڕ و ناکۆکیش لەلایەکی ترەوە، پێویسـتییان بە بەرگی تایبەتیی ئـەو دۆخانە هەبووە. وا دیارە پۆشـینی ئەم جلوبەرگە لەلایەن ژنانەوە، جۆرێک لـە خۆتەیارکردن بۆ بەرخۆدان و بەرگری لە مافە زەوتکراوەکانی ئەم نەتـەوە دەگەیەنێت. کەڵک وەرگرتـن لە جامانە، هەوری، پووزەوانە، فەرەنجی و سۆرانی و شـتی لەو چەشنەش، ڕۆچوونەوە بە ناخی مێژووی ئـەم گەلە، وەبیرهێنانەوەی ڕۆحی کوردی و شوناسـی نەتەوەیی و جیاوازی لەگەڵ نەتەوەکانی تر پیشان ئەدات.

تایبەتمەندییەکـی تـر ئەوە بـوو کە کەس نەیدەپرسـی کە لە شـاییی ئەم شـوێنەدا: کێ بەرپرسە؟ کێ حەسـاوە؟ کێ ئاگرەکە دەکاتەوە؟ کێ لە پێشەوە دەڕوات؟ کێ شێعر دەخوێنێتەوە؟ کێ دروشـم دەدات؟ کێ میواندارە؟ بەپێچەوانەوە تەواوی ئەم پرسـیارانە، هەموو کـەس خۆی بە بەرپرس، یەکەم کەس، سەرقافڵە، تاکی سەرەکی و سـەرکاروان دەزانی. کەس خـۆی لە پەراوێزدا نەدەبینی. کەس ماتڵی خولقی کەس نەبوو. کەس گلەیی لە کەسی تر نەبوو. میوان و میواندار، ئاشنا و بێگانـە، یەکەم کەس و ئاخر کەس، ناسـیاو و نەناسیاو، ببوون بە یەک، یەک نەتەوەی یەکدڵ و یەکویست.

ئەو هەمووە جلوبەرگـە جوان و ڕەنگاورەنگە، ئەو گشـتە ڕەسم و یاسا جۆربەجۆرە، ئەو حەمکە زار و بنـزارە پڕ ناوەرۆکە کە لە کـردە، ڕواڵەت، ڕێورەسـم، گۆرانی، شـێعر، وتە و دروشـمەکاندا دەرکەوتن، نیشـان لە کولتوورێکـی پڕناوەرۆک و مانادار ئـەدات؛ هەموو ئەمانە تەنیا لە یـەک هەلومەرج و بۆنەی تایبەتدا خودی ڕاسـتەقینەی خۆیان دەرخست؛ لەژێر دەیان و سەدان ساڵی پڕ لە زوڵم، ستەم، سڕینەوە، بەلاڕێدابردن، داپڵۆسان و داماڵیندا خۆی حەشـاردا بوو؛ لەپڕ بە یەکجاری هەڵقولا و پیلانی ناحەزانی کردەوە بڵقی سەر ئاو.

لەوپەڕی ماکۆوە هەتا ئەمپەڕی ئیلام، بە شار و گونـدەوە، هەموو کوردێک بەو شـایییانە و بە فەرهەنگی پڕبایـەخ و ڕەنگاورەنگ، بە کوردبوونی خۆی، کولتووری خۆی و دابونەریتی خۆی شانازی دەکرد و لە خۆشـیی ئەو هەمووە خۆشـییەدا، بە جەستە و بە ڕۆح، شایی دەگێڕا.

هەسـتێکی سـەیر ڕژابووە ناخـی تینووی خەڵکەکەوە. هەرکەس دەچووە سـەر سـەکۆ یا شـێعری دەخوێندەوە یا وتاری دەدا یا لە خوارەوە هەڵدەپەڕی و دروشـمی دەدا یا هەوری و جامانە و دووقامکـی سـەرکەوتنی هەڵدێنـا یـا ئالای نیشتمانی لەسـەر بەرگ و ڕوومەتی دەکێشا یان تەنانەت پێدەکەنـی، هەر دەتگوت خودی خۆتی. جیاوازییـەکان زۆر کـەم و کەمڕەنـگ ببوونەوە. هەمـوو ببوون بـە لقوپـۆی دارێکی گـەورەی ڕیشـەداری چەنهەزار ساڵە، وەک داربەڕووەکانی زاگرۆس. ببوون بە تانوپۆی قاڵییەکی ڕەنگاورەنگ وەک دەشتە بەهارییەکانی نیشتمان.

بەشداریی هەموو چین و توێژە جۆربەجۆرەکان: ژن و پیـاو، گەورە و پچووک، دەوڵەمەند و هەژار، خوێنـدەوار و نەخوێندەوار، جوان و پیر، شـیعە و سـوننە، ئایینـی و نائایینـی، چپ و ڕاسـت،

تایبەتمەندیـــی دیکـــەی نەورۆزی ئەمســـاڵ بوو. لـــە هەموو جۆرێکت دەبینی. هیچ شـــتێک، هیچ تایبەتمەندییەکی پچـــووک و پەراوێزی، نەیتوانی جیاوازی دروست بکات یان خاڵی هاوبەشی گەورە: کوردبوون و نەتەوەخوازی، لەبیر خەڵک بباتەوە.

خۆشـــحاڵی و بەشداریی سێ بەرەی: منداڵان و مێرمنـــداڵان، بـــەرەی مامناوەنـــدی، و پیران و بەســـاڵاچووان، زنجیرەی گواستنەوەی دابونەریتە کوردییەکانـــی تەکمیل و تەواو کردبوو. خۆشـــیی هاوکاتی ئەو سێ بەرەیە، دەستیان دابووە دەستی یەکتر و گرۆتینـــی ئاگرەکە و کەشـــوهەواکەیان خۆشـــتر و گەشـــتر کردبـــوو. منداڵان بـــە کایە، هەڵاتهـــەڵات، قاقـــا و پێکەنینـــەوە، کەســـانی مامناوەند بە جێبەجێ کردنی بەرنامە و کاروبارەکان و بەســـاڵاچووانیش بە تەماشای ماڵادار و پێکەنین و گریانـــی تایبەتەوە، وانـــەی تایبەتییان بۆ مێژوو دەکـــوت. بەتایبـــەت فرمێســـکی دەیـــان ســـاڵ پەنگخـــواردوو و قەتیس‌کراوی بەســـاڵاچووانی نیشتمان، مانای تایبەتی دەنواندەوە.

هەرچەند بۆنەکان زۆرتر نیشتمانی، نەتەوەیی، ســـێکۆلار، نائایینی و کوردی بوون، بەڵام لە هیچ شـــوێنێک بێ‌ڕێزی بە کەســـی نانەتەوەیی یا بە ئایین و ئاکار یا بە بیروڕای جیاواز نەکرا. نازانم بۆ هەندێ لە دۆستانی ئایینی لەم بۆنانە تووڕە بوون و پێـــی هەڵچوون. لە هیچ شـــوێنێک کردنەوەی ئاگر مانای ئاگرپەرەستی لێ نەکرا. کەس نەیگوت ئاگر خودای ئێمەیە. کەس لە بیری پەرەســـتن یا نەپەرەستنی ئەم شتە ماددییانەدا نەبوو. خەڵک لە دەست‌پەرەســـتنی درۆیین و وردەخودا دەستکرد و درۆزنـــەکان هەڵاتبـــوون. هەربۆیـــە داوێنـــی ڕاستوێژیی سرووشتیان هەڵبژاردبوو.

لە کتێبە مرۆناسی و مێژووییەکاندا هاتووە کە ناوچەی زاگرۆس و خاکی کوردان، یەکەم شوێنی دەستەمۆکردنی یەکەم ئاژەڵ، واتا مەڕ بووە. یەکەم ناوچە کە ســـەرەتای کشـــتوکاڵ و کێڵانی یەکەم دانەوێڵە واتا گەنمە، کوردســـتانە. بۆ یەکەم جار لە کوردســـتان پەی بە «ئاگر» دەبـــەن و ئاگری تێدا دەکرێتـــەوە. ئاگر وەک یەکێـــک لە چوار توخمی (خاک، ئاو، هەوا و ئاگـــر) پربایەخی گۆی زەوی، جیاواز لەو سێیانەی تر سرووشتی نییە و شتێکی دەســـتکردە (هەرچەند هەندێ جار بە شـــێوەی سرووشـــتیش دەتوانێت ســـەرهەڵبدات). جا ئەم دەستکەوتە هەرەگرینگە کە دەتوانین بڵێین وەک «کارەبا» و وەکوو هەموو دەســـتکردە گرینگەکانی تری مرۆڤ، شـــتێکی زۆر پربایەخە و لە ناوچەی کوردەواریدا دۆزراوەتەوە؛ هەربۆیە داگیرســـاندنەوە و دووبارەکردنەوەی وەک دەستکردێکی زۆر کۆن هەم بـــۆ دووپاتەکردنەوەی ئەو خۆشـــییە مەزنە ســـەرەتاییەیە و هەم بۆ وەبیرهێنانەوەی یەکێک لە گرینگتریـــن ماکەکانی شـــوناس و کولتووری کوردییـــە. کەوابوو ئاگرکردنەوەی ســـەری ســـاڵ بەپێچەوانـــەی هەندێ بیروبۆچوون بۆ پەرەســـتن و خۆفیدا کردن و خوداســـازی و ئاگرپەرەســـتی نییە. پێم وایە نەتەوەی کورد ئەوەندە خوداسازیی دەســـتکرد و درۆیینی دیوە، ئەوەندە وانەی خۆش و ناخۆشی ئەزموون کردووە، ئیتر بهئاسانی ناچێتە ژێر باری پیرۆزی و پەرەستنی هیچ بیروباوەڕێکی ساکارەوە.

لەم بۆنانەدا گۆرانیی نەتەوەیی (جەژنە جەژنی کوردســـتانە، جەژنی نەورۆزە)، سروودی حەماسی (ئەی ڕەقیب، خوایا وەتەن ئاوا کەی)، دروشـــمی تایبەتیی (هەتا کوردێ بمێنێ، کوردســـــــتانیش دەمێنێ)، بەرزکردنەوەی دوو قامک وەک هێمای ســـەرکەوتن، چەپڵەڕێزانی گشـــتی و ... ببوون بە هەوێنی یەکگرتوویی و یەکویستی و یەکدڵی. واتا ئەو شتەی وا زۆرمان پێویستە و چەنای‌چەند ساڵە بیرمەندانی ئەم گەلە هاواری بۆ دەکەن.

وەک دەزانیـــن هەموو شـــتێک ڕێژەییە و لایەنی خاس و خراپـــی هەیە. دیارە ئەم بۆنانەش لایەنـــی ئەرێنی و نەرێنیی خـــۆی هەیە؛ بەڵام با بیانخەینـــە تای تەرازووەوە، بـــا بزانین کام لایەن زۆرتر و قورســـتر بـــووە. من وەکـــوو قوتابییەکی بواری زانســـتە مرۆییـــەکان وا ئەزانـــم لایەنی ئەرێنیـــی ئـــەم بۆنانـــە زۆر زیاتر بـــوو. هەرچەند هەمیشـــە نەزانیی خۆیی و زانای درۆزن، پەراوێز و پیارسک هەڵئەبەســـتن؛ و نەیاران و ناحەزان و

نەزانان دەتوانن شـــتی خراپی زۆری پێوە بلکێنن یان تەفسیری خراپ و ناراستیشی لێ بکەن. وەلێ ئەمــە بەو مانایەش نییە کە هەموو شـــتێکی ئەم ڕێوڕەســـمانە ئەرێنی بووە و ئیتر پێویســـت ناکات ڕەخنەی لێ بگرین، هەڵینەسەنگێنین، شەنوکەوی نەکەین، عەیبەکانی نەدۆزینەوە و فڕێی نەدەین.

ئــەم نــەورۆزە، لەبەرچـــاوی زۆر کــەس لە بەشـــداربووان و بینەران، نەورۆزێکی تایبەت بوو. ئاشـــتیی نێوان نەریتباوەڕی (traditionalism) و نوێبـــاوەڕی (modernism) بـــوو. هێڵـــی جیاکەرەوەی نێوان نەریتـــی ئایینی (religious tradition) و نەریتـــی ســـێکۆلار (secular tradition) بـــوو. شـــەڕی نێـــوان موتڵەقباوەڕی (absolutism) و ڕێژەباوەڕی (relativism) بوو. ناکۆکیـــی نێوان کولتوور (culture) و سیاســـەت (politics) واتـــا «کولتووری لەمێژینە و خۆیی» و «سیاسەتی دەستکرد و داسەپاوی ناخۆیی» بوو.

بەڵام لەگەڵ هەموو ئەم قسەوباســـانەدا، ئەم نـــەورۆزە و تەفســـیرە جیاوازەکانی دەریانخســـت کـــە ئێمەی کـــورد وەک نەتەوەیەکـــی فرەڕەنگ و فرەدەنـــگ نابێ تەنیا بـــە یەکگرتوویی کاتی و هێماییـــن و ڕواڵەتی قنیات بکەیـــن. گرینگتر لە هەموو ئەمانە، پێویستیمان بە یەکگرتوویی هزری و مانایی و دەروونییە. هەربۆیە باش وایە کە هەموو کوردان: ئایینی و نائایینی، نەتەوەیی و نانەتەوەیی، چەپ و ڕاســـت و ... لە دەوری کوانووی یەکریزی و برایەتیی ڕاســـتەقینە کۆ ببینەوە و هەر تاک و تاقمێک قســـەی دڵی خۆی بـــکات. بەبێ گرژی و تووڕەیی، بەبێ دڵێشـــان و لێکتۆران. ســـەرەتا خاڵە هاوبەشـــەکان دیاری بکەین و هەوڵ بدەین پێیان بگەین. ئەوسا هەوڵـــی هاوبەش بدرێت بۆ ئـــەوەی کە بە کیـــانی (دەوڵەت ـــ نەتەوە)ی تایبەت بە خۆمان بگەین؛ هەتا بتوانین بە ئاوات و خواســـتەکانمان بگەین. پاشان هەر تاقم و تاکێک بەپێی ڕێژەی پێرەوان و شوێنکەوتووانی خۆی لەو دەسەڵات و کیانە هاوبەشەدا بەشدار دەبێت. دیارە کە داوەر و دادوەری هەموو ئەمانە «ڕای گشـــتیی نەتـــەوە» دەبێت. جا ئەگەر خـــوای کرد و ڕزگار بووین و بەم ئاســـت و ئاکامە گەیشـــتین ئەودەم دەکرێت «بەپێی توانا» بۆ ڕزگاریی زوڵملێکراوان و نەتەوە بندەســـتەکانی تر و بۆ گەیشتنی هەمووان بە ئازادی و عەداڵەت، هەوڵ بدرێت.

## مەبەستی دەسەڵات لە بەرگری نەکردن

چاو لەو سەردێڕە بکەن: «مەبەستی دەســـــەڵات لە بەرگری نەکردن»؛ ئەوە، پرســـیاری زۆر کەس سەبارەت بە شـــایییەکانی نەورۆزی ئەمساڵ بوو. هەر ئـــەوە بۆخۆی بەرهەمی زەینـــی داگیرکراوە. یانی خەڵکی ئێمە بـــەردەوام بەدرێژاییی مێژووی خۆی وا ڕاهێنراوە کە داگیرکەر تەنانەت دەســـتی لە تایبەتیترین خۆشـــییەکانی وەرداوە؛ و سنووری بۆ دیاری کـــردووە؛ وەرگرتنی ئیـــزن و ئیجازەی بەســـەردا ســـەپاندووە. بۆ ئەبێ لە شـــایی‌گێرانی هەزاران ســـاڵەی یەک نەتـــەوە، بەرگری بکرێت. مەگەر خەڵک چییان کـــردووە کە ئەبێ بەرگری بکرێت؛ چ گوناح و تاوانێک ڕووی داوە؛ مافی کێ زەوت و پێشێل کراوە؛ شادی و هەڵپەڕینی ئێمە، بە خواســـتی خۆمان، لە خاکی خۆمـــان، بێ‌ئەوە زەرەر و زیانێکی بۆ کەسێکی تر هەبووبێ، بۆ ئەبێ ئیزنـــی کەس یا لایەنێکی تری پێویســـت بێت؛ و ئـــەو لایەنە کێیە و چییە وا تا ئـــەو ڕادەیە مافی کۆنترۆڵی من و حەزی منی هەیە.

دوای ئـــەوەی خەڵکەکـــە بۆخۆیـــان جوابی ئـــەو ولامە کولۆنیاوییەیـــان ئەدایەوە. هەندێک لە ولامەکان ئەمانە بوون: دەسەڵات بەم ئیزن پێدانە گەرەکی بوو کەســـانی چـــالاک و تایبەت دیاری بکات و کاتی خۆی لەگەڵیـــان ڕووبەڕوو ببێتەوە. مەبەســـتی ئەوە بوو کە ڕێژەی نیشتمانپەروەری و نەتەوەخوازیی خەڵکی کورد بێتە دەستی و پلانی بەرەنگاریی بـــۆ دابڕێژێـــت. هەرەکییەتی خەم و گرژییەکانی شۆڕشـــی ژینامان لەبیر بباتەوە. پێی خۆشە بەزم و شـــایی بکا بە جێگرەوەی گرژی و تووڕەیی خەڵک لە دەسەڵات. ئەیەوێت کولتووری کورد تەنیا بۆ ســـەر دوانەی بەزم و ڕەزم دابەزێنێ و بـــەو کارە لای خودی کورد قەناعەتی ڕزگاری و ئازادی دروســـت بکات؛ و لای نەتەوەکانی تریش

کــورد بە خاوەنــی تەنیا ئــەو دوو تایبەتمەندییە (بەزمی و ڕەزمی) بناسێنێت؛ هەربۆیە بەرگری لە جلوبەرگی ڕەزمــی (کەواوپانتۆڵی خاکی، جامانە، هەوری، دۆلاخ و پووزەوانە و شــتی تریش) نەکرا. گەرەکی بوو لەبەرچاوی خەڵکی جیهان پیشــان بدات کە لە ئێران ئازادی و شادی شەپۆل ئەدات

لەنێــو ئــەو وڵاتانــە و زۆر وڵامــی تریش، وشــەگەلێکی تایبــەت و مانادار هەبــوو. بۆ وێنە چەمک و دەستەواژەگەلێکی وەکوو: ئێزنی دا، پێی خۆش بــوو، مەرەی دا، گەرەکی بــوو، دەیەوێت، هێشتی، هیچی نەگوت و ... . کاتێک نیشانەناسیی ئــەم چەمکانــە دەکــەی، هەمووی لــە بازنەی ســووژەبوون، بکەربوونی دەســەڵات، ئۆبژەبوون و لێکەربوونی ئێمەی کورد دەور ئەداتەوە. هەمووی لەنێــو پێکهاتە و زەینێکــی پێکهاتەخواز، نەگۆڕ، داســەپاو و کولۆنیکراودا دەخولێتەوە. زەینی تاکی کورد وەک زەینی گشــت مرۆڤە کولۆنیکراوەکانی تر پڕە لە گرێ و لەمپەر و بەربەست کە داگیرکەر دروســتی کــردووە و بە ئێــزن و ئیجــازەی ئەو گرێی خواردووە. واتا نەتەوەی سەردەســتی کورد کولتوورێکی دەستکردی بۆ خەڵکی کورد داتاشیوە کە هەموو کەسێک خۆی لە ئاوێنەی ئەو کولتوورە ســاختەیەدا دەبینێتەوە. هەر ئەم وڵامانە پیشــان ئــەدەن کە تەنانــەت پێکەنین، گریــان، خەم و خۆشــیی ئەو خەڵکە ئێزنی سەردەستی گەرەکە؛ واتا بە شێوەی هاوکات نیشان لە دیالکتیکی نێوان «زەینی کولۆنی» و «سەرەڕۆییی داگیرکەر» ئەدات

داگیرکەرانی کوردستان زیاتر لە داگیرکردنی خاک، کانی و کانگاکان، هێرشیان بۆ داگیرکردنی زەین، بیر و هزرمان هێناوە. تا ڕادەیەکی زۆر زەینی ئێمەیــان کولۆنی و داگیر کردووە. لە پێدەشــتی زەینــی ئێمەدا، بەردەوام تــۆوی خۆیان چاندووە؛ بــۆ ئەوەی بەهرەی خۆیانی لێ هەڵبگرن. هەربۆیە زۆرجار ئێمەی کورد، لەنێو قسەکانماندا و لە کاتی پرسیار و تەنانەت هزر و هەڵوێستەکانماندا خۆمان نەبووین، بەڵکــوو ئەو مرۆڤە بووین کە دوژمنان و ئەویدی (other) لێی دروست کردووین. هەربۆیە زۆر زیاتر لە ڕاپەڕینی فیزیکی، ڕاپەڕینێکی زەینی پێویستە.

## دەرەنجام و ئەرکی ئێمە بۆ داهاتوو

ڕەنگــە ئێمەی کورد پێش و زۆرتر لە «شۆڕشــی گەورەی سیاســی بــۆ دەرکردنــی داگیرکەران» پێویستیمان بە «ســەدان وردە شۆڕشی نێوخۆیی لەگــەڵ خۆمــان» هەبێــت؛ وەک: شــۆڕش بۆ خۆناسینی زۆرتر و ناسینی مافە ڕەواکان، شۆڕش بۆ دیاریکردنی هێڵی نێوان یار و نەیار، شۆڕشــی کەمرەنــگ کردنەوە و گــەورە نەکردنەوەی وردە جیاوازییەکان، شۆڕش بۆ بەخۆداچوونەوە، شۆڕش بۆ ڕزگاری لە زەینی داگیرکراو؛ شۆڕشی دووریگرتن لە ناکۆکیی نێوخۆیی، شۆڕش بۆ یەکگرتن؛ شۆڕش بۆ نەهێشتنی قین و نەفرەت لە یەکتر؛ شۆڕش بۆ قەبووڵیی بیرۆکە جیاوازەکانی نێومالّی کورد و ڕێز بۆ تایبەتمەندییە جیاوازەکان.

ئێمە وەکوو «خوێن» و «ئۆکسیژن» پێویستیمان بە «یەکگرتوویی» هەیــە. تەنیا لە یەکگرتووییدایە کــە هێــزی نەیاران زەفــەری پێمان ناشــکێت. ئەگەر نەتەوەکانی تر هێزی چەک، پارە و شــتی لەو چەشــنەیان هەیە؛ ئێمەی کورد سەرچاوەی ئابووریــی خۆمان لێ زەوت کــراوە و تەنیا هێزی «حەشــیمەتی خۆمــان» و «پێکەوەبوونمــان» و «کولتــووورە بەهێزەکەمان» هەیە. ئەوە بەو مانایەیە کــە ئێمە نابــێ «تەنیا» لــە پارتــەکان گلەییی ڕێکنەکەوتن بکەین. هەرچەند ئەوانیش لەوبارەوە گلەییــی زۆریان لەســەرە. بــەڵام یەکگرتنەوەی خەڵک زۆر گرینگتر و پێویســتتر لــە پارتەکانە. خەڵکــی نێوخــۆی وڵات لــە جەنگەی شــەڕی بەردەوام و گۆڕەپانــی ڕووبەڕووبوونەوەدان؛ ئەگەر لەم شــەڕەدا کۆڵەکەی بەهێزی یەکمان نەبێ کە پاڵی پێوە دەین، پشــتمان چــۆڵ دەبێت و بەرەو هەڵدێری دۆڕان دەڕۆین.

یەکگرتنەوە لافاوێکی بەهێز دروست دەکات؛ هێزێکی ســەیر دەخاتە گەڕ. ئەویدی مەجبوور و پێمل بە لەبەرچاو گرتنــی مافی تۆ دەکات. ڕۆح و مێشــکی نەیار وێــران دەکات. تەماحی نەیاران بــۆ دزەکردن بە ناخی خواســتە بەرهەقەکانی تۆ

کەم دەکاتەوە. چـاو لە دەرەنجامی یەکگرتنەوەی شۆڕشی ژینا بکەن؛ بزانن بەبێ خوێنڕشتن چی کرد: دەیان خۆفرۆش بۆ ماوەیەکی زۆر خۆیان شاردەوە و ناوچە کوردییەکانیان بەجێ هێشت. دەیان نەیار لە ترسـی ئەو یەکگرتن و یەکدەنگییەی خەڵکی ئێمە، ژن و منداڵیان لە ناوچە کوردییەکان بردەوە بـۆ ناوچە ناکوردییەکان و شـارە و زێدی خۆیان. ئـەوەی جـاش و خەڵکفـرۆش و خاکفرۆش بوو لە ترسـی ئەو لافاوە ڕۆحیان سـپاردبوو. ئاگری نەورۆزی ئەمساڵ بەجۆرێکی تر وەرەی خستە دڵی خۆمان و ترسـی خسـتە گیانی گشت نەیارانەوە. بۆمان دەرکەوت کە یەکگرتنەوەی هێمایین وەک یەکگرتنەوەی فیزیکی وزەمان پێ دەبەخشێت؛ و نەیاران زۆر زیاتر لە جاران حەسابمان بۆ دەکەن.

هەڵبەت ئەوە بەو مەعنایە نییە کە دەست لە ڕەنگاوڕەنگی و جیاوازییـەکان هەڵبگرین و ببین بە یەک ڕەنـگ، یەک زمان و یـەک کولتووری تایبـەت، بەپێچەوانـەوە، ئێمە بـەو فرەدەنگی و فرەڕەنگییەوە جوانیـن؛ یەکتری تەواو و تەکمیل دەکەین؛ دەتوانین لـە تایبەتمەندییە جیاوازەکان کەڵکی ئەرێنی وەربگرین. ئێسـتا زۆر پێویسـتە کە لەسـەر کێشەی سەرەکی: ڕزگاریی نەتەوەیی، مافی چارەی خۆنووسـین، ... بیـر بکەینەوە. جا دواتر لە داهاتووی دەسـەڵات و دەوڵەتی کوردیدا هـەر گرووپ، تاقم، زار و ئایین و ... بەپێی ڕێژەی ئەندامانی خۆی لە هەموو شتێک بەشدار دەبێت و ئازادیی خۆی دەبێت.

هەر مرۆڤێـک دەتوانێت سـێ قۆناغ ببڕێت هەتا بگات بە لووتکەی مرۆڤایەتی. هـابز دەڵێت ئەوەی کە هـەر «بوونەوەر»ێکی زیندوو هەوڵ بۆ مانەوە و بەقای خۆی ئەدات شـتێکی گشـتی و ئاسـایی و خۆماکییە. تەنانەت جروجانەوەریش بۆ بەقای خۆی حەول ئەدات. بـەڵام تەنیا ئەو کاتە دەبیـن بە «مرۆڤ» کـە خزمەتێکمان بە خەڵکی دەوروبەرمان کردبێـت. کاتێک دەبین بە «مرۆڤی ئەخلاقی» کـە یارمەتیی خەڵکـی زوڵملێکراوی دەوروبەرمان بدەین. جا لێرەدا خەڵکی دەوروبەری ئێمە، لەلایـەک مەزڵوومتریـن مرۆڤەکانی گۆی زەویـن لەلایەکی تـر هاوخوێـن و هاونەتەوەی ئێمەن. جا هەوڵ بۆ ڕزگاریی ئەم خەڵکە ئەرکێکی ئەخلاقیـی گرینگە؛ تەنانـەت ڕەنگە لە هەندێک دەرفەتی مێژووییدا پێویست بەوە بێت کە مرۆڤ، خواسـتی تاکی خـۆی و قازانجـی تاقمی خۆی بکات بە قوربانیی سـەرکەوتنی نەتەوەکەی؛ و لە حەز و بیروکەی خۆی بـە قازانجی بەرژەوەندیی گشتی چاوپۆشـی بکات. هەروەک خۆبەخشینی ڤییەتنامییـەکان لـە بەرانبەر هێرشـی ئەمریکا، هەروەک خۆبەخشینی شەهیدان.

سـەبارەت بە هەڵوێستی هەندێک مامۆستای خۆشەویسـتی ئایینی و خەڵکـی ئازیزی ئایینیی پێویسـتە ئەوە بڵێـم کە دیفاع و پشـتیوانی لە مافی ئەم خەڵکە زوڵملێکراوە هەم کارێکی ڕەوای ئایینییـە و هەم ئەرک و ئەخلاقـە. جا لە مێژوو بڕوانن بزانـن تەنیا ئەوانـەی وا هەقیان وتووە و دیفاعیـان لە هەق کردووە لە دڵی خەڵک و ناخی مێژوودا ماونەتەوە، وەک پێشەوا قازی موحەممەد و مەلا عەبدولکەریمـی مودەڕڕیس و ... تەنیا ئەو مامۆسـتا ئایینیانە ناویان ماوەتەوە کە لە زوڵم بە نەتەوەکەیان هاتنە دەنگ و لەگەڵ خەڵکی خۆیان بـوون. وەک چۆن مـەلای نەتەوەکانی تر لەگەڵ خەڵکی خۆیانن. کام مەلای ئایینیی تورک، فارس و عەرەب کارەساتی ئەنفال و هەڵەبجە، شەنگال و کۆبانی شەرمەزار کرد و لێی هاتە دەنگ.

ئیتـر وابزانم هـەرزی مافخـوازی و دیفاع لە مەزڵووم لەگەڵ ڕۆحی کوردی و خوێنی کوردی و خواسـتی کوردی بەتەواوی تێکەڵ بووە. جا تۆفیر ناکات ئەو کوردە ئایینی بێت یا نائایینی، شـێعە بێت یا سـوننی، سۆران بێت یان گۆران، زازا بێت یـان کەلهوڕ، لوڕ بێت یان لەک؛ و هەر شـتێک جیایـی بخاتە نێوماڵمان و نێـو خەڵکەکەمان و چەنـد بەرەکـی و لێکدابڕان دروسـت بکات، نە تێگەیشـتووە، نە ئایینـی و نە نەتەوەیـی. ئەوە تەنیا لـە قازانجی زاڵمان و نەیاران دەشـکێتەوە و یـا پیلانگێڕیی نەیاران و نەفامانە. دەبا سـەرەتا زەینمـان ئازاد بکەین و پاشـان زێدمـان. ئەوە خواستی زۆرینەی خەڵکە.